# "برایەتی" گەڕەکێکی پشتگوێ خراوی قەزای خورماتوو

## ■ مامۆستایەك: قوتابخانەکەمان چوار دەوامی تێدایە، (٤٠) مامۆستاین ژوورێکمان نییە تیایدا دابنیشین یەکێك دادەنیشێ یەکێك هەڵدەستێ

## ■ ئەنجومەنی گەڕەك: ئاومان نییە،کارەبا نییە، نەوت نییە. ڕێگاوبانمان خراپە تکا دەکەین چارەسەرێکمان بکەن

**گەڕەکی برایەتی کە پێشتر بە (عصریە) ناونرابوو لە ساڵی ١٩٧٧ تا ١٩٨٢ حکومەتی پێشووی بەعس دروستی کرد بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکاندا دەوام دەکەن، لە پاڵ ئەوانەشدا هەندێك خەڵکی هەژار نیشتەجێ بوون لە خانووە حکومییەکان و هەندێکی تر لە زەوی و موڵکی خۆیدا خانووی دروستکردووە. لە پاش ڕووخانی حکومەتی بەعس خەڵکی زیاتر لەم گەڕەکە نیشتەجێبوون هەندێ خەڵکیش خانووی تەجاوزی تێدا دروستکرد، ئەم گەڕەکە لە چاو گەڕەکەکانی تر لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە، زۆرکەم بایەخی پێدراوە وەکو نەبوونی فەرمانگەیەکی تەندروستی و بینایەی قوتابخانەو شەقام و ڕێگاوبان و (مجاری) و ئاوەڕۆی گەڕەکەکان و هەندێ لایەنی تر.. ئێمەش بۆ خستنەڕووی کێشەو کەم و کورتییەکانی ئەم گەڕەکە، چەند هاووڵاتییەکمان دواند کە هەریەکەو بەشێوەیەکی گشتی قسەیان لەسەر گوزەران و گەڕەکەکەیان کرد:**

ئا: ئازاد حەمید

### هاووڵاتی ڕەحمان عەباس



ئەمەوێ سەرەتا لەسەر کارەبا قسە بکەم ئەم گەڕەکەی ئێمە لەسەر ناوخۆیە ئەوەنییە کە بڵێین لە دەرەوەی قەزاین، لەگەڵ لادێکاندا کارەبامان ئەدرێتێ ئایا بۆ ناخرێتە سەر بەشی کارەبای ناوخۆ؟ بۆ لەگەڵ (١٦) لادێ کارەبامان بدرێتێ؟ وەکو قەرە تەیمورو ئەلبوزەرگەو.. هتد..
خزمەتگوزاری شارەوانی لەم گەڕەکانەی ئێمە نییە، ئەوە شەقامەکانمانە لەم وەرزەدا ڕێگا نییە بڕۆی بۆ ماڵەکەی خۆت، باشە بۆ ئیشمان بۆ ناکەن؟ یان تەرحیلمان بکەن وەکو جاران با ڕزگارمان بێ! ئەوە شەقامێکی دوو سایدە گوایە هاتن چەوڕێژی بکەن تەنها (٢) گلاَبەیان ڕژاندو وازیان لێهێنا، ئەگەر لیژنەیەك بێت خۆم ئەیبەمەسەری، فەرموو ئەوە جێگای باخچەو قوتابخانەیە بۆنایکەن؟ خەڵکی خانووی (تەجاوز)ی تێدا دروست دەکات.
داواکاریمان بەرزکردۆتەوەو نووسراومان نووسیوە کەس وەڵامی نەداینەوە.

### هاووڵاتی ڕەشید ئیبراهیم:



من ڕەخنەم هەیە لە هەموو کارە خزمەتگوزارییەکانی ئێرەو بەرپرسەکان، کارەبامان نییە، یان هەموو ڕۆژێ (محاویلە) کارەباکە چاك دەکەین شەو تێك دەچێت، بە گوێرەی پێویست خزمەتگوزاریمان بۆ ئەنجام نادرێت، وەکو دابینکردنی ئاوی خواردنەوەو ئاوەڕۆو (مجاری) و ڕێگاوبان و شەقام گۆڕەپانی ناوگەڕەگەکەمان پڕێتی لە پیسی کەس پاکی ناکاتەوە.
کەسێك نییە سەر ئیشەکەمان بگرێو پەیوەندی بکات بە حکومەتەوەو چارەسەری کێشەکانمان بکات.داواکاریمان زۆر کردووە لەحکومەت هەر بەڕێمان ئەکەن و بەڵێنمان دەدەنێ بۆ سبەینێ یان مانگی داهاتوو.. هیچمان بۆ ناکەن.. لایەنێکی تر نە غازو نە نەوت و نە بە نزینمان دەست ناکەوێت، یان بە گران ئەمانەدەنێ، خەڵکی واهەیە (١٥,٠٠٠) دیناری داناوە تەنها بۆ هەقی سرەی نەوت تاکو ئێستاش وەری نەگرتووەو، واخەریکە زستان تەواو دەبێت.

### مامۆستا قەدریە خەلی

مامۆستای قوتابخانەی (الامانی) سەرەتایی لە برایەتی ئەم شەقامە چەندین ساڵە دروستکراوە کە بەسەر شەقامەکەدا بڕۆین دەبێت بەس گیان خۆمان پاك بکەینەوە، منداڵەکانیش پیس دەبن لە قوڕو چڵپاوا، ئەو کاتەی منداڵەکان لە قوتابخانە دێنەوە هەندێکیان بە پاکی و هەندێکیان بە پیسی، ئێمە نامانەوێ شەقامەکانمان قیرتاو بکرێت بەڵام تەنها چەوڕێژی بکەن، هەر کاتێك باران دەبارێ داو دەبین؟! نازانین خۆشی بکەین، یان ناخۆشی! چۆن بچین بۆ دەوام.
سەبارەت بە ئاو لە هەفتەی جارێك دێت، (٤) ڕۆژە کارەبامان نییە، قوتابخانەکەمان (٤) دەوامی تێدایە ٣٥-٤٠ مامۆستاین ژوورێکمان هەیە (ئیدارە)ی تایبەتمان نییە بەمامۆستایەك دائەنیشێ یەکێ هەڵئەستێ، نەوتمان نییە منداڵەکان لەبەر سەرما ئەگرین گوێیان لەوانەکان نییە.ئەگەر خۆر بێت لەبەرخۆر دائەنیشین.
لێرە فەرمانگەیەکی تەندروستی نییە، ئەگەر بچیت بۆ نەخۆشخانە یان دەرمانی نییەو بە کەموکورتی بەڕێت دەکات دەبێ بچیت لە دەرەوە بیکڕی بازاڕیش بەم گرانییە هەر مەپرسە مووچەکەمان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بۆ سەرف ناکرێت،من (٢٣) ساڵ خزمەتم هەیە (٣٠٠,٠٠٠) دینارم پێ ئەدەن مامۆستای واش هەیە یەك ساڵ خزمەتی هەیە (٣٥٠,٠٠٠) دیناری پێ ئەدەن.

### لاوێک بەناوی (وریا)



بەم شێوەیە قسەی لەسەر کەم و کورتی گەڕەکەکەیان کرد: من وەکو گەنجێکی برایەتی تاکو ئێستا هیچمان بۆ نەکراوە هیچ خزمەتگوزارییەکمان نییە فەرموو سەیری کۆڵانەکان بکەن هەموو قوڕاوە سەیارەی تێدا دەرناچێت.
لایەنێکی بەرپرس ئاوڕی لێ نەداوینەتەوە هەتا قائیمقامیش، گەڕەکەکانمان زۆر پیسە دەبێ لایەنی بەرپرس ئاوڕمان لێبداتەوە ئەگەر ئاوو کارەبامان نەبێت چۆن ژیان دەبرێتە سەر؟

### هاووڵاتی عەباس شەریف:



وتی: ئەنجومەنی گەڕەکی برایەتی لەلایەنی خزمەتگوزارییەوە سفرە،لەبەر ئەوە ئیدارەی دووزخورماتوو لاوازە، ئەتوانن لەئیدارەوە لیژنەیەك دروست بکەن سەردانی ئەم گەڕەکە بکەن بزانم چی بۆ کراوە، تاکو ئێستا هیچ خزمەتگوزاری نییە داواکارین لە بەرپرسانی دووزخورماتوو بە تەنگ ئەم گەڕەکەوە بێن، ئاو لەناوماڵیانە ئاوەڕۆ نییە، کارەبا نییە نەوت نییە، ڕێگاوبان نییە پێویستمان بە (عمود)ی کارەبایە سیمەکان هەمووی تێکچوونە، داواکارین و تکا دەکەین چارەسەری ئەم گەڕەکە بکەن، کەم و کورتی زۆر تیایە کۆڵانەکان قیرتاو نییە ئەڵێی دێیەکە لە دێکان، شارەوانی نییە فەرمانگەی تەندروستی نییە (گوایە) دروستی دەکەن لەگەڵ دواناوەندییەکدا (١٥٠) مەترمان بۆ دابین کردوون، تاکو ئێستا دەنگییان نییە داوام لە قائمقامییەت و ئەنجومەنی شارەوانی و بە راپۆرت و نووسین کرد تاکو ئێستا وەڵامیان نییە.

---

# قوتابیانی مەڵبەندی مامۆستایانی سۆران و ئاوڕدانەوەیەك لەگرفتەکانیان

ئا/ ڕێگای کوردستان

گرفتەکانی بەشی ناوخۆیی قوتابیانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان لە سۆران تاکو ئێستا بەهەڵواسراوی ماوەتەوە هەروەك قوتابیان لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێ دەکەن گرفتەکانیان بریتییە لە هاتووچۆو نەبوونی سوتەمەنی و دواکەوتنی دەرماڵەو چەندین گرفتی تر.

**قوتابییەك:** بڕێکی کەم نەوتمان دەدەنێ لەبەر سەرما زۆربەی قوتابیان لەژوورێکدا کۆدەبینەوەو وانەشمان پێ ناخوێندرێ.

**کارگێڕی (ل.ن)ی (ی.ق.ك):** تاکو ئێستا حکومەت ڕەچاوی ئەوەی نەکردووە کە بەشی ناوخۆیی لە سۆران بکاتەوە.

**(ئێمە لەبەشی ناوخۆیی سەر ڕێگای ڕواندز - سۆران ڕێگامان زۆر دوورە بۆ پەیمانگاکەمان)، ئەمە قسەی قوتابی جابر نادرە قوتابی بەشی ئینگلیزی قۆناغی دووەمە ، جابر دەڵێ:** دەبێ بەیانیان کاتژمێر ٦ لەخەو هەڵدەستین و خۆمان ئامادە دەکەین، چونکە ڕێگامان دوورەو وبۆمان دەرناهێنێ هەموو ڕۆژ کرێی تاکسی بدەین، ئەمە لەتوانای ئێمەدانییە داوا لەلایەنی پەیوەندیدار دەکەین کە گرفتی هاتووچۆمان بۆ چارەسەر بکەن.

**قوتابی شوجاع دەڵێ:** گرفتی ئێمە زۆرە بۆ نموونە کە نەوت دەهێنین بە جەلیکان دەماندەنێ کە هەفتانە یان ڕۆژانە نەوت دەهێنین دەبێ کرێی تاکسی بدەین بۆ هەر جلیکانە نەوتێك بەڕاستی لە تواناماندا نییە داوا دەکەم ئەم گرفتەمان بۆ چارەسەر بکەن، چونکە بەبەرمیل بیهێنن لە بەشی ناوخۆییەکەمان دایبنێن باشترە هەموو هەفتەیەك بەکرێی خۆمان ئەم دەبە نەوتە دەهێنین .

**قوتابی عەبدوڵڵا مەحمود دەڵێ:** لەبەر نەبوونی ئاوو کارەبا زیاتر بەبەشی ناوخۆ ئیش‌وکاری بازاڕ خەریکین و گرفتی زۆرمان دێتە بەردەم.

**قوتابی سەرباز هەولێری کە لەهەولێر بۆ خوێندن هاتووە دەڵێ:** ئێمە کێشەیەکی گەورەمان هەیە بەتایبەتی قوتابیانی دەرەوە کە لێرە دەخوێنین ٦٠هەزار دینار بەشی ئەوە ناکات کە دوو هەفتە جارێك بڕۆینەوە بۆ هەولێر بۆیە ئێمە سێ هەفتە جارێك دەڕۆینەوە زۆربەی ئەم ٦٠ هەزارە دەدەین بەکرێی ڕێگاو جیاوازییەکی زۆریش هەیە لەنێوان قوتابیانی کۆلێژەکان و پەیمانگاکان، بۆ نمونە ئەوان ١٦٠هەزار وەردەگرن بۆ قوتابیانی دەرەوە کە هەموو پێداویستیەکانیان بۆ دابین کراوە ئەمە جیاوازییەکی زۆرە لەنێوان قوتابیانی پەیمانگاو قوتابیانی زانکۆدا.

**سەروان قوتابی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان لەم بەشە ناوخۆییە دەڵێ:** بەڕاستی گیروگرفتی قوتابی زۆرە لەبەشی ناوخۆییدا من ئەمەوێ باسی نەوت بکەم کە بڕێکی کەمان دەدەنێ، ئەویش بەشمان ناکات کە ڕێژەیەکی زۆری قوتابی لەژوورێکدا کۆدەبینەوە لەبەر سەرمای زستان. دەورە لە سۆپا دەدەین نازانین کەس بەکەس نییەو ئۆکسجین نامێنێ لەبەر قەرەباڵغی وانەشمان پێ ناخوێندرێ، ئێستا کە تاقیکردنەوەمان هەیە ناتوانین وەکو پێویست بخوێنین.

**یونس ئەنوەر قوتابی لەهەمان پەیمانگا لەقۆناغی دووەم بەشی بیرکاری:** داوا دەکەن لە لقی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە چاوێك بەدەرماڵەی قوتابیانی پەیمانگادا بخشێننەوەو ئۆتۆمبێلیان بۆ دابین بکرێ و بەدواداچوون لەگیروگرفتەکانیان بکەن.

**بۆ بەدواداچوونی ئەو گیروگرفتانە ( دلشاد سەعید برادۆستی) کارگێڕی ل.ن سۆرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەبەشی کاروباری قوتابیان گوتی:** ڕاستە قوتابی گیروگرفتیان هەیە لەبەشی ناوخۆیدا زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئەم بەدواداچوونە ئێمە هەرچەندە لەڕێگای خۆمان هەوڵ دەدەین کە ساڵانە لەیەکەم ڕۆژی زەنگی قوتابخانەو دەرگاکردنەوەی قوتابخانەو پەیمانگاکان و کۆلێژەکان ئێمە لەخۆ ئامادەکردن داین بۆ هاوکاریکردنی قوتابیان و کێشەو گرفتەکانیان چارەسەر بکەین بەپێی توانای خۆمان، کاك (دلشاد) گرفتی یەکەمی بۆ نەبوونی بەشی ناوخۆیی ڕەسمی گێڕایەوەو گوتی: تا ئێستا ئێمە لەهەوڵی خۆمانین کە بەشی ناوخۆیی لەسۆران هەبێ تاکو ئێستا حکومەت ڕەچاوی ئەمەی نەکردووە کە بەشی ناوخۆیی لەسۆران بکاتەوە ئێمە وەکو قوتابیان داوامان کردووە کەبەشی ناوخۆیی دروست بکەن لەلایەن بەڕێز کاك (نەوزاد هادی)، ئێستا هەروا ماوەتەوەو هەر بڕیارەکەیە، دلشاد ئەمەی دووپات کردەوە کە لەگەڵ گرفتەکانی قوتابیان داین.



---

# کەندێناوە سنوورێکی گرنگ و خزمەتگوزاری کەم

جەوهەر سەیدا

دەڤەری کەندێناوە بە درێژایی مێژوو لەسەر دەستی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە چەندین جار بەر شاڵاوی کاولکردن و خاپوورکردن و سووتان هاتووە بەتایبەت دواهەمین جار لە ساڵی ١٩٨٨ ڕژێمی بەعس بە یەکجارەکی وێرانی کردو خەڵکەکەی ڕەوانەی کۆمەڵگا زۆرەملێکان کردو دواتر عەرەبی هاوردەی تێدا نیشتەجێ کرد، لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە بۆ جارێکی تر خەڵکەکەی گەڕانەوە ناوچەکەیان و دەستیان بە ئاوەدانکردنەوەی کرد، بەڵام لەلایەن حکومەتەوە ئاوڕی لێ نەدراوەتەوەو لە زۆربەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا بێبەشە، ئەگەر لە ڕووی جوگرافییەوە سەیری شوێنەکە بکەین دەبینین لە ڕابردوودا هەمیشە مایەی حیساب بۆکردن بووە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەتایبەت کەندێناوە کە دەکەوێتە باشووری شاری هەولێرو سەر بە قەزای مەخمورەو ناحیەکەش دیبەگەیە، سنوورەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناحیەی سەرگەڕانە، ئەگەرچی ئەمەش هەر بە کەندێناوە دەژمێردرێت و خراوەتە سەر کەرکوك لە ڕۆژئاواشیدا ناحیەی گوێڕە، لە باکووریدا زنجیرە گردی زورگەزراوە، هەروەها لە باشووریشیدا چیای قەرەچوغە بە گشتی لەم ڕووەوە گرنگی خۆی هەیە، لە ڕووی ئابووری و کشتوکاڵییەوە دیسان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە زەوییەکی بە پیت و بەرەکەتی لە بواری کشتوکاڵیدا هەیەو ساڵانە دانەوێڵەکانی گەنم و جۆی بە ڕێژەیەکی زۆر لێ بەرهەم دەهێنرێت و لە ڕووی کانزایشەوە زیاتر لە (٤٠٠) بیرە نەوتی لێیە کە ئەمە بە دەستکەوتێکی دەوڵەمەندو بە نرخی ئابووری دەژمێردرێت و دەکرێت حکومەتی کوردستان لە داهاتوودا کار لەسەر ئەو بیرە نەوتانە بکات.

هاوکات سنوورەکە پێگەیەکی گرنگی ستراتیجی هەیەو ڕێگای نێوان موسڵ و کەرکوك بە ناوەڕاستی سنوورەکەدا تێدەپەڕێت سەرەڕای ئەمانەش جۆرێك لە لمی لێیە کە بە قوومی زەرد ناسراوە بۆ سواغکردن و لەبغی خانوو بە باشترین جۆری لم دادەنرێت.

وەك لە سەرەوە ئاماژەیەکی کورتمان بە گرنگی سنوورەکە کرد بەڵام گرفتی زۆری هەیەو پێویستی بە خزمەتگوزارییە هەر لە ڕووی چاککردنی ڕێگاوبان و دروستکردنی قوتابخانەو نەخۆشخانەو پرۆژەی ئاوو یارمەتیدانیان لە لایەنی کشتوکاڵی و پێشکەشکردنی پێداویستی کشتوکاڵی، جا هیوادارین کە حکومەتی هەرێم هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی بدات و لە پرۆژەکانی خزمەتگوزاری بێبەشی نەکات.

---

## تەرمی لاوێك بەدەست و چاوبەستراوی دەدۆزرێتەوە

ڕۆژی ٣٠ / ١ / ٢٠٠٧ لەدەوروبەری ناحیەی گوێر تەرمی لاوێك بەچاوو دەست بەستراوی لەناو ڕووباری ئاسکی کەڵەك دۆزراوەتەوەو هەرهەمان ڕۆژ تەرمەکە دراوەتەوە بنکەی پۆلیسی گوێڕ بەپێی گوتەی چەند کەسێك لاوەکە خەڵکی سنوورەکە نییەو تاکو ئێستا کەس خۆی نەکردۆتە خاوەنی.

## مێرگەسۆر خنکانی پیاوێك لەنێو ئۆتۆمبێلدا

ڕۆژی ٢٧ / ١ / لەگوندی زرارا سەر بەقەزای مێرگەسۆر هاووڵاتیەکی تەمەن (٣٥) ساڵ بەناوی (نەبی) لەبەر سەرما لایلۆن بە ئۆتۆمبێلەکەی دادەت و لەناویدا دەخەوێت لەبەرگەرمی و کەمی هەوا لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا دەخنکێت.

## لەسۆران سوکایەتی بەبەڕێوەبەری هاتووچۆ دەکرێت

ڕۆژی ٢٤ / ١ / ٢٠٠٧ لەنێو بازاڕی سۆران بەڕێوەبەری هاتووچۆی سۆران کە پسوولەی سزادانی بۆ شوفێرێك بەهۆی سەرپێچییەوە نووسیبوو، ئەوا دەبێتە دەمەقالیان شوفێرەکە سووکایەتی بە بەڕێوەبەری هاتوچۆ دەکات.

## دەست بەسەر چەند کەل و پەلێکی ئێکسپایەردا دەگیرێت

ڕۆژی ٢٤ / ١ / ٢٠٠٧ لیژنەی ئابووری مێرگەسۆرو ڕەواندوز دەستیان بەسەر هەندێ کەل و پەلی ئێکسپایەردا گرت، کە بریتی بوو لە ماست و کێك و حەلواو نیسکافە سریلاکی منداڵان دواتر دەستیان بەسووتاندنی کەل و پەلە بەسەرچووەکان کرد.

## دەست بەسەرداگرتنی زەوییەك لەسۆران

ڕۆژی ٢٦ / ١ / ٢٠٠٧ هەندێ لە ئەفسەرەکانی ئاسایشی دەرەوەی سۆران دەچنە دەشتی دێڵزیان و زەوییەك بۆ خزمەتگوزاری دەستنیشان کرابوو لەنێوخۆیاندا دابەشی دەکەن، دواتر ئاشکرا دەبێت و ڕێگایان لێ دەگیرێت.

## لەشارۆچکەی هەریر کچێك دەسووتێت

ڕۆژی ٢٥ / ١ / ٢٠٠٧ لەشارۆچکەی هەریر کچێکی تەمەن ١٨ ساڵی لەکاتی دەستکاریکردنی موەلیدەی کارەبای ماڵەوە موەلیدەکە ئاگر دەگرێت و بەهۆیەوە دەسووتێت و دەستبەجێ ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە سۆران دەکرێت.